# مۆدەی تــــۆقە



ئێکســـــوارە ناســـکەکان لەگـــەڵ ئەوەی جوانییەکی گەورە دەبەخشێت بە جەستەی خانمان، لێرەدا باسی ئێکسسواری تۆقەی قژ دەکەین چەندین سوودی تایبەتی هەیە یەکێك لەوانە بەستن و راگرتنی قژ، جوانی تۆقەکانی قژ لە رەنگ و شێوازی دروست کردنەکەیەتـی، زیاتر تۆقەکان لە ماددەی بلاستیك دروست دەکرێت، مۆدەی ئێستاش زیاتر لە تۆقە بلاستیکەکانە.




مۆدەک

# سەکۆو رەفە جوانەکان لە دیکۆری ئەمساڵدا

پێویستە بەردەوام کاری گۆڕانکاری و جوانکاری بۆ ژوورەکانمان بکەین، بۆ ئەوەی نوێکاری و کاری تازە لە ماڵدا بەدی بکرێت، گشت لایەنێکی ماڵ رێگەیەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی شتی جوان و بەرهەمی ناسکی پێوە دەربکەوێت، یەکێك لەو ئێکسسوارە گرنگانەی لە مۆدە تازەکان دەرکەوتووە بریتییە لە (رەف و سەکۆی دیوارەکان).

لەگەڵ ئەوەی ئەو ئێکسسوارە تازەیە، کەچی جوانییەکی گەورە دەبەخشێت لە ماڵ، بە تایبەت بۆ دیوارەکان کاتێك رەفێکی جوان و ناسکی لێوە دەبێت، کاری دروستکردنی ئاسانە و دەکرێت بۆ هەر لایەنێك بە جوانی و ئامادەیی دابنرێت، وێنەکان جوانی ئەو ئێکسسوارە زیاتر دەبەخشن، بەمەش دەبێتە یەکێك لە مۆدە جوانەکانی ئێکسسواری ماڵ.











## ناسکەکان



ئەگەر سەیرێکی مۆدەیەکی دیکەی تۆقە بکەین، ئەویش لە ماددەی بەردی سووك دروست کراوە، کێشی لە کێشی تۆقە بلاستیکەکان زیاترە، سوودی ئەوەش بۆ زیاتر توندکردن و بەستنی قژە. ئەوەی دەیبینن چەندین مۆدەی تۆقەکانی دروست کراو لە بەردە، لەگەڵ ئەوەی لەم ماددەیە دروست کراوە، هەروەها شێوەیەکی جوان و سرووشتی پێوە دەردەکەوێت.

## سەندڵی بێ پاژنە بۆ وەرزی هاوین



مۆدەکانی پێڵاو و سەندڵ، چەندین شێوازی جوان و ناسکی هەیە، بەڵام ئەو مۆدانە زیاتر دەردەکەوێت کاتێك لەگەڵ ئەو کاتە دەگونجێت، وەرزی هاوین دەکرێت پێڵاو و سەندڵی لێوە بپۆشرێت، بەڵام بۆ ئەو وەرزە سەندڵی کراوە و بێ پاژنە بەرز ئەوەی بە (فلات) ناسراوە، وەك مۆدەیەکی جوان و ناسك دادەنرێت. ئەو چەند مۆدەیە بریتییە لە سەندڵی فلات، زیاتر لە شێوەیەکی لە خۆگرتووە و هەر یەکەش جوانییەکی تایبەتی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا سوودێکی تەندروستی هەیە لەوەی ئازاری پشت نادات، بەرامبەر ئەوەی پیلاوی پاژنە بەرز هۆکارێکە بۆ ژانی پشت. رەنگەکان بۆ سەندڵ جیاوازی نییە، لە گشت جۆرە رەنگێك دەکرێت بپۆشرێت، بە مەرجێك لەگەڵ ئەو جلوبەرگە بگونجێت ئەوەی لەگەڵی دەپۆشرێت.



## ـانی رەشی تەنگ و سادە چ نهێنییەک لە خۆ دەگرێت؟

لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت جلی رەنگ رەش بۆ وەرزی گەرما ناگونجێت، کەچی ئەم گووتەیە لەلای مۆدەکاران و ئامادەکارانی جلوبەرگ جێگەی بایەخ نییە، چونکە جوانی رەنگی ڕەش لە گشت کات و ساتێکی وەرزی ساڵ جوانی و ناسکی خۆی دەبەخشێت. ئەو جلانەی لە رەنگی ڕەش دەنەخشێنرێت زیاتر لەو جۆرە قوماشانەی تەنك و سادەیە دروست دەکرێت.


ئەوەی دەیبینن مۆدەیەکی ناسك و یان دەستە جلێکی تەواوە لە گشت ئەو جلانەی خانمان دەیپۆشن ئامادەکراوە و شێوە نەخشێکی جوان و ناسك لە خۆدەگرێت، دەستە جلەکەش پێکهاتووە لە: تەنوورە – پانتۆڵ – کراس-بۆدی – کراس. نهێنی جوانی رەنگی ڕەش لەوەدایە، چونکە رەنگی جەستەی خانمان بە جوانی دەردەخات و رەنگێکی سپی زیاتری پێدەدات.



## درێژترین جگەرە


دروستکردنی کەرەستە سەیرەکان ڕۆژانە دەردەکەوێت بۆ ئەوەی ببێتە کەرەستەیەك جێگە و شایانی نازناو و سەرەنجراکێشبوون بێت. ئەوەی دەیبینن درێژترین جگەرەیە و بە شێوەیەکی زۆر سەیر دروست کراوە، یەکێك لە وڵاتەکانی جیهان ئەوەی بە دروست کردنی جگەرە بەناوبانگە بریتییە لە وڵاتی (کووبا). لەلایەن کەسێك بە ناوی (خۆسێ کاستیلار) توانی درێژترین جگەرە دروست بکات، درێژی ئەو جگەرەیە دەگاتە (٤٣)مەتر و (٣٨) سەنتیمەتر، تا ئێستاش بە درێژترین جگەرە دادەنرێت و دەبێتە سەیرترین کەرەستە بۆیە نازناوێکی پێدرا لە کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان.


## ماڵێک لە ژێر زەوی



ئەوەی سەیری ئەو کونە یان ئەو بیرە بکات لەسەر زەوی لێدراوە، بێگومان دەڵێت ئەوە بیری ئاوە و بۆ دەرهێنانی ئاو بەکاردێت، کەچی ئەگەر سەیرێکی ژوورەوەی ئەو بیرە بکەیت سەرسامی دەتگرێت و شتێکی سەیر دەبینیت.

لە وڵاتی ڕۆمانیا پیاوێك کاری خۆی هەڵکەندنی زەوی دەبێت، بیر لە دروست کردنی ماڵێك دەکاتەوە لە ژێر زەوی، بۆیە دوای هەنگاوێکی گەورە دەتوانێت ماڵێکی تەواو لە ژێرەوەی زەوی ئامادە بکات، دەرگای چوونە ژوورەوەی تەنیا ئەو بیرەیە یان ئەو کونەیە، بە پەلیکانێ دەچێتە خوارەوە، گشت کەرەستەیەکی ماڵ لەم خانووەی ژێر زەویدا بەدی دەکرێت، وەکو ئەوەی ماڵێکی تەواو بێت لەسەر زەوی.





## گوندی جمکەکان



ئەوانەی هاوشێوەن لە جیهاندا نموونەیان زۆرە و بە تایبەت جمکەکان، چونکە بەیەکەوە دەبن و شێوەیان لە شێوەی یەکتر دەچێت، بەڵام چی دەبێ ئەگەر کۆمەڵە کەسێك جمك و هاوشێوە بن، یان لەلای هەندێك هۆز و نەتەوە تەنیا منداڵی جمك ببێت. لە گوندی (کودنی) لە هەرێمی کورالا دەبێتە سەیرترین گوند لە جیهان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دانیشتوانی ئەو گوندە ڕێژەیەکی زۆر لە جمك لەم گوندە هەن. وەك لە وێنەکەدا دەبینن گشتیان جمکن و زۆربەی منداڵەکان هاوشێوەن، ژمارەی جمکەکان لەم گوندە دەگاتە (٢٢٠) جمك، گشتیان کۆ کراونەتەوە و وێنەیان گیراوە.





## ١١٩٧ دەرزی لەم پیاوە درا

ئەوانەی کارە سەر شێتەکان ئەنجام دەدەن دەبن بە خاوەن نازناوێکی گەورە، بە تایبەت ئەوانەی ئازاری جەستەیان دەدەن و کاری سەیر دەکەن، ئەوەی دەیبینن پیاوێکی ئەمەریکییە و توانی لە رۆژێکدا جەستەی خۆی بکات بە بێژینگ، ئەمەش وەك خواست و ئارەزوویەکی تایبەت بە خۆی. ئەو پیاوە ناوی (جێریمی ستراود)ە و لە رۆژێکدا نزیکەی ١١٩٧ دەرزی لە جەستەی درا بۆ ئەوەی شێوەی جەستەی بگۆڕێت، یان نازناوێکی پێوە تۆمار بکات. دەرزییەکانیش لەم شوێنانەی جەستەی درا ((٨٠٠ دەرزی لە پشتی، ٣٠٠ لە دەستی راستە، ٧٠ لە قاچەکانی ٢٧ دەرزی لەدانەکانی))بەبێ ئەوەی شتێکی بەسەر بێت.

## ئەو جلوبەرگەی لەناو ئاودا دەکشێت






دروستکردنی کەرەستە بەسوود و سەیرکان دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك لەوەی چۆن بیریان لەم کارە کردۆتەوە و توانای دروست کردنی ئەو کەرەستانەیان هەیە! ئەگەر سەیرێکی وێنەی ئەو فانیلایە یان ئەو تیشیرتە بچووکەی ناو دەستەکە بکەیت، لەوانەیە بڵێیت ئەوە میدالیایە و بۆ جوانی دروست کراوە.
کەچی ئەگەر ئەم تیشێرتە بچووکە بخەیتە ناو ئاو، یان هەر شلەیەکی دیکە، قەبارەی تیشێرتەکە زیاد دەکات و دەبێتە ئەو قیاسەی بۆی دانراوە. ئەمەش یەکێکە لە کارە سەیرەکانی وڵاتی ژاپۆن بۆ ئەوەی کەرەستەکان شوێنەکان نەگرێت و بەسوود بێت.





## فیڵێکی نوێ بۆ راوە ماسی!



راوکردنی ماسی وەك کارێکی قورس و ناخۆش وا لە مرۆڤ دەکات لە چاوەڕوانی بێت بۆ ئەوەی شتێکی دەست بکەوێت، ئەوەی دەیبینن شێوەیەکی دیکەی راوکردنی ماسییە ! وەك چۆن گشت شتێك لە جیهان بەرەو پێشکەوتن دەچێت، بۆیە رێگەی راوکردنی ماسیش بەرەو پێشکەوتن رێگەی گرتووە. ئەم رێگەیەش لەلای راوچییەکانی وڵاتی سەنیگال دۆزراوەتەوە، رێگەکەش بریتییە لە: دانانی ستوونی بەهێز لەو شوێنەی راوی لێوە دەکرێ، لەگەڵ سەرکەوتنی راوچییەکان بۆ سەر ئەو ستوونانە، دواتریش راوی خۆیان دەکەن، سوودی ئەم رێگەیەش لەوەدایە ماسییەکان زیاتر راودەکرێن لەوەی لەسەر لێواری دەریا بێت، چونکە گشت ماسییەك نایێتە سەر لێواری دەریا و رووبارەکان.







# وێنە ترسناک و جوانەکانی بروسک

لە وەرزی زستان کاتێك دەنگی گەوارە و بروسکە جوان و ترسناکەکان دەبینین، ترس و سەرەنجراکێشی دامان دەگرێت لەوەی ئەو بروسکانە لە کوێ دەدات لەسەر رووی زەوی، یان لەوانەیە بیر لە شوێنە بکەینەوە کاتێك بروسکی بەر دەکەوێت.

لەم وێنەیەدا لەلایەن وێنەگران چەندین وێنەی جیاجیای بروسك گیراوە، کاتێك لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی دێت و لێدەدات. دیمەنێکی سەیر و جوان و ترسناکی هەیە، هەر بروسکێك لە هەر شوێنێك بدات ئەو شوێنە دەکات بە خەڵووز ئەگەر بە تەواوی بروسکەکە شوێنەکە بگرێت.



# سیسرکە و کرم بۆ ژەمێکی بەتام و خۆش










ئەو وڵاتانەی حەز بە خواردنی گۆشت دەکەن، تەنیا ئەو خواردنانە نییە ئەوانەی لەلای خۆمان بەدی دەکرێت، چونکە هەر وڵاتێك یان نەتەوەیەك خاوەن نەریەت و خواردنی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، ئەوەی دەیبینن لەلای ئێمە بە قیزەوەنترین خواردن دادەنرێت، تەنانەت بێزمان نایێت سەیریشی بکەین، کەچی لەلای ژاپۆنی و کۆرییەکان بە خۆشترین خواردن دادەنرێت.پێویست ناکات ناوی خواردنەکە بهێنین، چونکە لە وێنەکان بە جوانی دەردەکەوێت. ئەو خواردنانەش پێکهاتووە لە: سیسرکە – کلۆ – کرم، چەندین خشۆك و گیانداری دیکە تەنانەت ناوەکانیشیان نازانرێت.

# ٣٥ ساڵە خۆی نەشووشتووە

ئەوانەی دەیانەوێت نازناوێکی گەورە تۆمار بکەن، دەتوانن لە رێگەی بەهرەکان یان کارە سەیرەکان شتی جوان و سەیر ئەنجام بدەن، ئەوەی دەیبینن پیاوێکە ئەوەی لێوەی نزیك ببێتەوە ناتوانێت بەوەستێت بەهۆی بۆنە ناخۆش و جەستە پیسەکەی.

هۆکاری بوونی ئەو پیاوە بەم شێوەیە، چونکە نزیکەی (٣٥) ساڵە خۆی



نەشووشتووە! ئەم پیاوە لە وڵاتی هیندستان دەژیێت و (٧) منداڵی کچی هەیە، لەلای هیندییەکان ئەوەی خۆی نەشوات لە داهاتوو کوڕی دەبێت، کەچی (کالۆ) ئەوەندە ساڵە چاوەڕوانە بەبێ ئەنجامێك. تەمەنی ئێستای (٦٣) ساڵە و تا ئێستا نەچۆتە ژووری گەرماو لە ماوەی ئەو ٣٥ ساڵەی رابردوو.





# ئەمە يارييە يان پليكانە!

لە يەكێك لە داهێنانــــە تەكنۆلۆژيا و كارە ســـەيرەكان بريتييە لە نەمانی پەليكانێ، ئەوەی بۆ ســـەركەوتنی شـــوێنە بەرزەكان بەكاردەهێنرێت، بەرامبەر ئەوەش ڕێگەيەكی ديكەيـــان دۆزيوەتەوە بۆ ئەوەی هاتوچۆی لێـــوە بكرێت، چونكە پەليكانە زيانی هەيە بۆ تەندرووستی مرۆڤ.

ئەوەی دەيبينن چەند لوولەيەكی تايبەتە و لە ڕێگەی پاڵەپەستۆ كار دەكات، دەتوانێت بەهۆی پاڵەپەســـتۆی هـــەوا مرۆڤ بە خوارەوە بەرەو ســـەرەوە بگەيەنێت، هەروەها بۆ دابەزينيش كاری هاتنە خوارەوە هێواش دەكات، يان ئەگەر بتەوێت وەك خشـــۆكی ياری كردن لە سەرەوە بەرەو خوارەوە دێت.

# دڵی بەرخيش لە دەرەوەيە

دوای ئـــەوەی مەڕێـــك دەزێـــت و بەچكەيەكـــی دەبێـــت، خـــاوەن مەڕەكە تووشی سەرســـامی و كارەساتێكی سەير بوو، ئەمـــەش بەهۆی ئـــەوەی بەچكە تازەكـــە جياوازی لەگەڵ گشـــت جۆرە بەرخێكـــی ديكە هەيە، ئـــەم حاڵەتە لە ناوچـــەی (بەغـــا) لە وڵاتـــی جەزائير ڕوويـــداوە و تا ئێســـتاش دەبێتە جێگەی سەرسامی ئەوانەی ئەم هەواڵە دەزانن.



جيـــاوازی بەرخەكـــە لەوەدايە، دڵی لـــە دەرەوەيە و، وەك دڵێكی سرووشـــتی لێدەدات و جووڵە دەكات، ئەوەی دەيبينن لـــە وێنەكەدا دڵـــی ڕاســـتەقينەی ئەو بەرخەيە و لێدەدات. كەچی ئەوەی سەير بێت تەندرووســـتی بەرخەكە باشە و هيچ نەخۆشييەكەی لێوە بەدی ناكرێت.




# دوو سەر و يەک جەستە

دوای ئەوەی چەنديـــن حاڵەت لە جيهاندا دەركەوتـــووە، لـــەوەی منداڵی دوو ســـەر يەك جەســـتە، يان دوو جەســـتە و سەرێك دەركەوتووە، واديارە ئەم شـــێوە سەيرانەی منداڵـــە تـــازەكان لـــە وەســـتاندا نييە و بەردەوامە. ئەمەش بەهۆی بوونی منداڵێك بـــەم دواييە لە وڵاتی هيندســـتان بە دوو سەر و جەســـتەيەك. منداڵەكە تا ئێستاش ســـەلامەتە و لـــە ژيان مـــاوە، هەردووك ســـەرەكان وەك منداڵێكی ئاسايی وايە لە شـــێوە، بەڵام ئەوەی لای ڕاستە تەواو نييە و هيچ جووڵەيەكی لە دەســـت نييە، تەنيا چاوەكان دەكرێتەوە و شت دەخوات، ئەوەی سەير بێت كەس نازانێت خواردنەكە بۆ كێ دەچێت، يان كامە سەر بە تەواوی لەگەڵ جەستەكەدا بەيەكەوەيە! وابڕيارە يەكێك لە ســـەرەكان بە نەشـــتەگەری جيا بكرێتەوە تاوەكو ئەوەی ديكە بژيێت.

# شەقامی جۆلانێ

لــــە دارســــتانێکی گــــەورەی وڵاتی ئوســــترالیا، پێویستیان بە دروستکردنی شەقامێك بوو لە ناوەڕاستی دارستانەکە بۆ ئەوەی بگات بە شــوێنەی ئەوبەر ئەوەی مەبەستیان بوو، شوێنەکەش واتە دارستانەکە هەوراز و نشێوە، بە مانای بەرز دەبێت و نزم دەبێتەوە.
دوای کارێکی قورس توانیان شەقامێك دروست بکەن، بەمشێوەیەی لە وێنەکەدا دەبینــــن، بەمـــەش دەبێتە ســــەیرترین شــــەقامی بەرز و نزمی، ئەوەی لێوەی تێپەڕێت تووشی سەرسوڕان دەبێت.



## بچووکترین پیاوی قەڵەو




ئەوەی ئەو وێنەیە ببینێت زەردەخەنەیەك بەسەر لێوەکانیدادێت، ئەمەش بەهۆی ئەو دیمەنە ســـەیرەی لەلایەن ئەو پیاوە قەڵەوە دەرکەوتووە، ئەو پیاوە لە وڵاتی کەنەدا دەژییێت و ڕۆژانەی لە ناو ئاوی ڕووبار و دەریا بەســــەر دەبات، لەگەڵ ئەوەی بەلەمێکی بچووکی بۆ خۆی دروست کردووە، لەســـەری نووسیوە (بچووك بچووکترین پیاوی قەڵەو). ناوی (مارکس)ە و تەمەنی ٣٤ ســاڵە، کێشی (١٦٠) کیلۆگرام دەبێت، تا ئێستاش ژنی نەهێناوە، چونکە کەس پێی ڕازی نییە!

## مەیموونیش مەساج دەکات




یەکێك لە ســـەیرترین وێنەکانی جیهان، بریتییە لەم وێنەیەی ئەو دوو مەیموونەی بە دوو هاوســـەر ناسراون، لە باخچەی ئاژەڵانی وڵاتـــی کینیا، دوو مەیمـــوون هەن هـــەردەم کاتەکانی ژیانیان بەیەکەوە بەسەر دەبەن، هەرگیز چرکەیەك بێ یەکتر نابن. لەگەڵ ئەوەشـــدا لەگەڵ هیچ گیاندارێکی دیکە تێکەڵ نابن، وەکو دوو مەیموونـــی نێر و مێ ڕەفتار دەکەن، لەم وێنەیە دەبینن مەیموونە مێیەکە پشتی مەیموونە نێرەکە دەشێلێت و مەساجی بۆ دەکات!

## بۆ ئاســــــوودەیت

☺ - جارێکیان پیاوێك بەیانییەك لە خەو هەڵدەســـتێت و بە خێزانەکەی دەڵێت: ئافرەت ئەو شەو لە خەومدا بینیم تەماتە و خەیار بەلاش بوو.. خێزانەکەشی گوتی: پیاوەکە مادام بەلاش بوو دوو فەردەت لەگەڵ خۆت بهێنایە!!

☺ - یەکێك چاوەکانی ســـوور هەڵدەگەڕێـــت، لە هاوڕێکەی دەپرسێت ئەوە چاوەکانم سوور بووە چی بکەم باشە؟! ئەویش دەڵێت: جارێ سوورە بوەستە، کە بووە سەوز بڕۆ!



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هاوڕێیەکت پێویســـتی بە یارمەتـــی هەیە بۆ ئەوەی کەســـێکی پێ بناســـێنی کە هاوڕێی تۆیە و ئەویش حـــەزدەکات ببێتە خۆشەویســـتی. لەســـەرەتای ئەم هەفتەیەدا هەواڵێکی خۆشت پێدەگات لەلایەن یەکێك لە خزمەکانتەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم ماوەیە شتەکان لەبەرژەوەندی خۆت دەبن.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەم هەفتەیە کەســـێك دەبینی دەبێتـــە هۆی ئەوەی پێی سەرســـام بیت، ئەمەش بەهۆی ئەو جوانییەیە کە لەکەسی بەرامبەردا هەیە، ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە دیتنی هەموو شتەکانە وەك خۆی و مەهێڵە سۆز کاریگەری زۆرت لەسەر درووست بکات، سەفەرێکی خۆشت لەپێشە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەوانەیە خۆشەویســـتی لـــەدەرگای دڵـــت بدات و پەیوەندی سۆزداری دروســـت بێت بەتایبەتی ئەگەر خۆشەویســـتت نییە و کەســـت لە دڵ دا نییە لەبەر هەر هۆیەك لە هۆیەکان. کەســـێکی نزیکت دەبینی هاوڕێت بێت یان خزمێکی نزیك چەند نهێنیەکی شاراوەت بۆ ئاشکرا دەکات.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئـــەم ماوەیە بە قوڵی بیر لە شـــتە گرنگـــەکان بکەوە چونکـــە لەوانەیـــە هاوبەشـــی ژیانـــت بدۆزیتەوە و قۆناغێکی هەستیار لە ژیانت دەست پێدەکات، تۆ دەبێت زۆر بـــە وریایی بجوڵێیتەوە و هەڵەیەك نەکەی لەداهاتوودا ببێتە هۆی پەشیمانیت، ئەوەش بزانە مەرج نییە هەموو شتێك بە دڵی تۆ بێت.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

ئەگەر ژیانی هاوســـەریت پێکهیناوە و هەندێ کێشە کەوتۆتە نێوان خۆت و هاوسەرەکەت ئەوا لەم ماوەیەدا کۆتایی بـــە ناخۆشـــیەکان دێت و لە جـــاران زیاتر خۆشەویســـتی بە یەکتر دەبەخشـــن، بایەخی زیاتر بە کات بدە زۆر پرۆژەت بە ناتەواوی هێشتوونەتەوە و کاتیش ناگەڕێتەوە.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لـــە ڕۆژێکی ئەم هەفتەیەدا دڵت زۆر خۆشـــدەبێت و هەر لەیادت دەمێنێتەوە و ناتوانی لەبیری بکەی بۆیە هەوڵ بدە ســـوود لەو ڕۆژە خۆشە وەربگریت. هەندێ لەهاوڕێکانت لە هەڵسوکەوتەکانت بە گومانن بەتایبەتی کاتێك ئامادە نیت هیچ نهێنیەکیان بۆ باس بکەی.

ئا/ هێمن قەسرەیی



گوڵان
ژمارە (٧٣٤)
٢٠٠٩/٥/٢٥



## ئاسۆیی:

١- گۆرانی بێژێکی کوردە خاوە وێنەکە
٢- سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا
٣- سەردەم- بەجێ
٤- ژێر(پ) دراوێکە(پ).
٥- جۆرە مەشروبێکە(پ).
٦- پایەختی وڵاتێکی ئەوروپا(پ)- ڕێدار(ت).
٧- شاعیرێکی کوردبوو- جۆرە گوڵێکە
٨- دوو پیتی حسین- خودان(پ) دوو پیتی دوعا.
٩- ڕەنگێکە- ناوێکی کوردانە(پ) کێو.
١٠- دوو پیتی مین- دوو پیتی پەت- نیوەی براغ.
١١- دۆخێکە(ب).
١٢- یاریزانێکی یانەی ئەرسنالە(پ).

## ستوونی:

١- گۆرانی بێژێکی کوردە
٢- خواردنی ئاژەڵە(پ)- ژمارە یەکە
٣- ئەفسانەیەکی ئینگلیزی یەبلیسە
٤- یانەیەکی ئیتالی بە(پ) پرس
٥- سێ پیتی دونگا-سێ پیتی کورد-کۆ
٦- دوو پیتی سەنی- وڵاتێکی ئاسیایە(پ).
٧- سێ پیتی بڕیار- ئاژانسی جیهانی.
٨- دۆخێکە(پ) هێما- قاچ.
٩- پایەختی وڵاتێکی ئەفریقیایە.
١٠- شارۆچکەیەکی کوردستانە(پ) ژمارە یەکە.
١١- وەکویەك- شاعیرێکی کوردبوو(پ).
١٢- ڕۆمان نووسێکی کوردە.

***ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی***

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە و هەردەم گەشە دەکات، لە سەری مرۆڤ هەیە)
- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ماددەیەکە وەك ئاسنە، لە پاتری ئوتۆمبێل هەیە)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (هونەر بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٥ ) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی خشۆکە بە مرۆڤ وەدەدات)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ساوپاولۆ ) بوو



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەســـت بە خەمناکی دەکەی بەهۆی ئەوەی دەمێکە هەندێ لەو کەســـانەت نەبینیوە کە خۆشەویستن لای تۆ و بیریان دەکـــەی، بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی بینینی زۆربەیان و کاتێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر دەبەن، زیاتر ئاگاداری باری تەندرووستیت بە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئێستا تواناى زۆرت هەیە بۆ ئەنجام دانی ئەو کارانەی دەمێکە بیری لێ دەکەیەوە و دەتوانی ئەوەی ئەتەوێت بەدەستی بهێنی.بەشداری لە چەند بۆنەیەکی جیاجیا دەکەی و چەند کەسێکی نوێ دەناسیت.ڕاستگۆبە لەو بەڵێنانەی بە خۆشەویستەکەت دەدەیت و درۆی لەگەڵ مەکە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کارەکانت بە هێواشـــی بەڕێوە دەچن و لەوانەیە لەهەر کاتێکـــدا هەڵەی تێدا ڕوودات بۆیـــە دەبێت هەموو کاتێك ئـــاگادار بیت، ئەمە زۆر درێژە ناکێشـــێت و لەوانەیە دوای ماوەیەکی بێتەوە باری ئاســـایی خۆی، پێویستیت بە ناسینی هاوڕێی زیاترە بۆ ئەوەی هەست زۆر بە تەنیایی نەکەیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پەیوەندیەکانت پێویستیان بە نوێکردنەوەیە بەتایبەتی لەگـــەڵ هەندێ لـــە هاورێکانت بەهـــۆی ئەوەی ماوەیەکـــە ســـاردبوونەوەی بە خۆیـــەوە بینیوە، بە باشترین شـــێوە ئەو شتانە لێك بدەوە کە جێی بایەخن و دواتر بڕیاری گونجاو هەڵبژێرە، خەونەکانت نزیکن لەوەی ببنە ڕاستی.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

زۆر بەڵێـــن دەدەی بـــە خەڵك و زۆرجـــار پابەندی بەڵێنەکانت نابیت ئەمـــەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسانە بە چاوێکی تر سەیرت بکەن، وا باشە ئەگەر توانای ئەنجامدانی کارێکت نییە بەڵێن نەدەی ئەو کاتە کەس گلەییت لێ ناکات بە پێچەوانەوە دڵی زۆر کەس لەخۆت دەڕەنجێنی.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەگەر لە کەسێکی خۆشەویستت زیز بوویت و قسەتان بەیەکەوە نییە، دەستپێشـــخەری بکە و لەگەڵی ئاشت ببەوە، هەتا پێت ئەکرێت خۆت لە توڕەبوون دووربگرە و بە ئارامی لەگەڵ خەڵك بجوڵێوە، ڕەفتارەکانت بوونەتە هۆی ئەوەی خەڵك ڕێزت ێ بگرن.

hemntoni@yahoo.com